# تراژیدیای بەهەشتی دانتی و کۆمیدیای شەهید بوونی من !!



د. سەمەد ئەحمەد



دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە دەریدەکات

کاتو شوێن وەك ئەوەی لەلای ئێوە هەیەو لێی راهاتوون، لەلای ئێمە، لێرە، لە بەهەشت وانییە، بەڵکو شێوەیەکی تری هەیە.. نە شەو هەیەو نە رۆژ، نە سەرماو نە گەرما، هەتا چاو بڕدەکات هەر رووناکییە، شتێك نییە ناوی تاریکی بێت. ئیتر ژیانی ئێرە ئاوهایە، هیچ شتێکی ئێمەی بەهەشتی لە ئێوەی مرۆڤی سەر زەوی ناچێت ! هەر بۆ نموونە؛ کاتێك ئەم چەند دێڕە دەخوێنیتەوە من پاڵم بە درەختێکی بالا بەرزەوە داوە، پەنجەکانی هەردوو دەستم لە پشتی سەرمەوە بەناو یەکدا بردووە و توند لە یەکیانم گرێداوە، بە کامی دڵ هەوای پاكو بۆنی خۆش هەڵدەمژم، ئەگەرچی نازانم ناوی درەختەکە چییە، بەڵام زەنگۆڵ زەنگۆڵ میوەی جیا جیای پیا شۆڕ بووەتەوە، هەر کاتو چەندم بوێت لێیان دەخۆم.. بێگومان لێرە، لە بەهەشت نە تێرخواردن هەیە نە ماندوو بوون، خەریك بێت لە خواردنێك، لە میوەیەك تێر بین، ئیشتیای خواردنێکی تر دەکەین ! ئیتر ئاوا رۆژو هەفتەو مانگو ساڵ دەبەینە سەر، بەڵێ بەم شێوەیە ژیان دەگوزەرێنین.

لە پایانی ئەم درەختەی کە پاڵم پێوە داوە، کەمێك خوارتر، لەلای دەستە راستمەوە، روبارێك لە هەنگوین خوڕەی دێت. کاتێك دەڵێم هەنگوین دەبێت بزانن کە تەنها بۆ ئاسانکاری تێگەیشتنی ئێوە ئەمە دەڵێم، وەگەر نا، روبارەکە زۆر لەو هەنگوینەی کە لەلای ئێوەی مرۆڤی سەر زەوی هەیە، جوانتر و نایابتر و خۆشتر و بەفەڕ ترە. لەلای دەستە چەپیشمەوە روبارێك لە شیر هێدی هێدی رێدەکات، کاتێك شەپۆلە هێمنەکان بەر تاشە بەردە بەرزەکانی ناو روبارەکە دەکەون، کەفێکی شیری جوان دروست دەکەن.. من رۆژانە هەر بۆ خۆشی مەلە لەم دوو روبارەو چەندان ئاوی تری بەهەشتدا دەکەم. چێژو خۆشی مەلەکردن لەم روبارانە مەگەر هەر خۆم و خوا بزانین چەندەو چۆنە... لەدوای چەند پێچ و قەمچێك، هەردوو روبار لە دۆڵێکدا بەیەك دەگەن، شیر و هەنگوینەکە تێکەڵ دەبن، کاتێك دۆڵەکە پڕ دەبێتو شیرەنگوینەکە سەرڕێژ دەکات، دەشتە پانو بەرینەکەی دامێنی، ئاو دەدات. خاکی ئەم دەشتە هێندە تینوی شیرەنگوینن، رووبارەکان ئاوەکانیان چەندە زیاد بێت، ئەم توانای هەڵمژینیانی هەیە. لەم رۆچوون و هەڵمژینەدا بە روونی عەشقو ئەڤینداری و توانەوەو قوربانیدانی نێوان خاكو ئاو بەدیدەکەم، کە چەندین ساڵە مایەی سەرنجو تێرامانو تێفکرینی منە، ئەو، ئەم دەلاوێنێت، ئەم، ئەو ماچ دەکات. لەدوای ئەم ئامێزانبوونو جوتبوونەی ئاو و زەوی، سەدان و هەزاران گوڵ و گیای رەنگاوڕەنگ، بۆنخۆش، قشتیلە و شەنگ، لەدایك دەبن، سەر دەردێنن، بالا دەکەن. کاتێکیش لە باشور، یان رۆژئاواوە، سروە هەڵدەکات، شەنگە گوڵ و گیای ئەم دەشتی بەهەشتە، دەکەونە لەنجە و نەرم نەرم شایی دەکەن، دەرەقسن.

جگە لەمانە، ئەوەی زیاتر خانەو لانەی ئێمەی بەهەشتی خۆشتر و جوانتر کردووە، جریوەی باڵندەو مەل و سروەی پەپولانە، کە ژمارەیان سەدان و هەزاران زیاترە.. هەمیشە کەشێکی هێمن و ژینگەیەکی پاكو بۆنخۆشیان بە ئێمە بەخشیوە، هەر بۆیە زۆربەی کات ئێمەی بەهەشتی مەستین و نازانین لە شوێنی تر چی دەگوزەرێت..

لەمە زیاتر بەپێویستی نازانم باس و وەسفی ئەم شوێنە بکەم، چونکە چەندیتر لەم تەرزە بابەتانە بەیان بکەم، هێشتا هەر زۆر کەمم وتووە، دەیان و سەدان شتی تر هەن من خۆشم هێشتا لە رازو نهێنی جوانی و بایەخیان سەر دەرناکەم، بۆیە هەرچییان



لەبارەوە بڵێم، لەلایەك دەبێتە فرە وێژی و سەر ئێشە بۆ ئێوەی مرۆڤی سەر زەوی، لەلایەکی تریشەوە نە بڕوام پێدەکەن، نە فام و هۆشی ئێوەش دەتوانێت لێیان تێبگات و لێکیان بداتەوە.. بەکورتی بڵێم: لێرە، لە بەهەشت، ژیان پڕاو پڕە لە عەیش و خۆشی، لە شادی و لە شەنگی، لە پاکی و لە ئارامی و بەختەوەری.. لە هەموو ئەمانەش خۆشتر و سەیر تر ئەوەیە کە خەڵکی بەهەشت هەرگیز پیر نابن و هەتا هەتایە هەر بە گەنجو جوانی دەمێننەوە ! من ئەمە بۆیە بەیان دەکەم، چونکە دەزانم خەمی پیری بۆ مرۆڤی سەر زەوی یەکێکە لە خەم و کێشە هەرە گەورەکان، ئەوەیشی کە خەمەکەی هەمیشە ئازاراوی کردووە ئەوەیە کە مرۆڤ لە بەرامبەر هێزی ئاویلکەیی و پیریدا پرزەی لێدەبڕێت، شەنگ لە رویدا نامێنێت، هزرو هۆش ساوا دەبنە و توانای تێفکرین و لێکدانەوەیان نامێنێت، بینایی کز و بیستنیش کپ دەبێت.. بە کورتی بڵێم: لە سایەی پیریدا ژیان دەبێتە بارگرانی و بێگاری.. بەڵام لەبەرئەوەی لە بەهەشت، لەلای ئێمە ئەمە نییە، هەمیشە دڵخۆش و مەستین.

بەڵگەم بۆ راستی ئەوەی کە لە بەهەشتدا پیربوون نییە و ئێمەی بەهەشتی هەر بەگەنجی و جوانی دەمێنینەوە ئەوەیە کە من سی و سێ ساڵ لە پێش ئێستا، ئەو کاتە تەمەنم بیست ساڵ بوو و پێشمەرگە بووم و لە شەڕێکدا لەگەڵ جاشو ئۆردووی داگیرکەری بەعسی عەرەبیدا شەهید بووم، قژو ریش و سمێڵم چۆن بوو، ئێستاش وەکو ئەوسا پڕو رەشی قەترانە. نەك هەر ئەمە و لەمەش زیاتر، هیچ چرچی و لۆچییەك لە روخسارمدا دروست نەبووە، هەرگیز هەناسەم سوار نابێت، ئەوەی پشتئێشە بێت نازانم چییە، بڕوابکەن ئێستاش کە تەمەنم پەنجاو سێ ساڵە بەبێ ئەوەی دابنیشم، هەر بەپێوە و بەسوك و ئاسانی گۆرەوی لەپێ دەکەم.. بەکورتی بڵێم: بیست ساڵ لە پێش ئێستا چۆن بووم، ئێستاش هەر ئەڵێی جارانم، هیچ نەگۆڕاوم.

بەڕێزان، خوێنەرانی ئەم چەند دێڕە، لە راستیدا من مەبەستم نەبوو باسی ژیانی خۆم و رازو نهێنی بەهەشت بکەم، خۆشم نازانم بۆچی چەرخی قسەم ئاوها سوڕا.. ئێستا کە بەم ئاکامەم گەیاندوون، بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە ماجەرای رووداوەکان و چۆنییەتی گوزەرانی بەهەشتییەکان و سروشت و پێکهاتەی بەهەشتی خودای میهرەبان، پێشنیار دەکەم کە کتێبە بەناوبانگەکەی (دانتی)، (کۆمیدیای ئیلاهی) بخوێننەوە.. پێشوەختە دەبێت بڵێم: ئەگەرچی (دانتی) لە بەرگی سێیەمدا، لەو بەشەی کە تایبەتە بە بەهەشت، کۆششێکی زۆری کردووە کە ئاشنامان بکات بە دنیا ئەفسوناوییەکەی بەهەشت، لەم رووەوە هەوڵەکانی بەرز دەنرخێنین، بەڵام هێشتا نەیتوانیوە بەتەواوی وەك ئەوەی هەیە و ئێمەی بەهەشتی دەیبینین و هەستی پێدەکەین و لەناویدا دەژین، وێنەیان بگرێت، باسیان بکات، یاداشتیان بکات..

من پێش ئەوەی شەهید بم، جارێك کۆمیدیاکەی (دانتی)م خوێندەوە، زۆر لەلام شیرین و جوان بوو، وامزانی (دۆزەخ) و (بەرزەخ) و (بەهەشت) وەك ئەوەیە کە (دانتی) لە (کۆمیدیای ئیلاهی)دا تۆماری کردووەو وێنەی گرتووە، بەڵام کاتێك شەهید بووم و بەهەشت بوو بە خانە و لانەم ، ئینجا زانیم قەڵەمی (دانتی) چەند کۆڵە، خەیاڵی چەند کورتە و چەند سادەگۆیە..

کاتێك بەشەکانی (دۆزەخ) و (بەرزەخ) ی کۆمیدیاکەی (دانتی)

دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە دەریدەکات



م خوێندەوە، ئەگەرچی هیچ نەترسام، بەڵام نیگەران بووم کاتێك لەو خوێندنەوەیەدا و لە ئەڵقەی یەکەمی دۆزەخ کە پێیدەڵێن (لیمبۆ) و بریتییە لە دۆڵێکی تاریك و نوتەك، هەریەك لە (ئادەم) و (حەوا) و (هۆمیرۆس) و (هۆراس) و (ئۆڤیدی) و (راکیلی) و چەندین کەسایەتی مێژوویی ترم بینی. لە شوێنێکی تری دۆزەخدا کە قەڵایەك بوو و حەوت شورەی هەبوو، هەندێ کەسایەتی ئەفسانەییم بینی، وەکو (ئیلیکترا) و (هیکتۆر) و (ئینیاس).. هەروەها هەندێ پاڵەوانی سەردەمی کۆنم بینی، وەکو (قەیسەر) و (لۆتیوس) و (برۆتس).. لە دوای ئەمانە چاومکەوت بە (سۆکرات) و (ئەفلاتوون) و (ئەرەستۆ) و (بەتلیمۆس) و (گالینوس) و (ئیبن سینا) و (ئیبن روشد) و (سەلاحەدینی ئەیوبی) و زۆری تریش.. بەزەییم بەهەموویاندا هاتەوە، بەڵام نەدەکرا هیچ بڵێم، ئەمە کاری خودایە، ئەو بەندەکانی خۆی لەهەر کەس باشتر دەناسێت..

جارێکی تر پاتەی دەکەمەوە کە (دانتی) لە بەشی سێیەمی کۆمیدیاکەیدا کە تایبەتە بە (بەهەشت)، وێنەی دیمەنی زۆر جوانی گرتووە، رووداوی گرنگی تۆمارکردووە.. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوە سی و سێ ساڵە خۆم تیایدا دەژیم، بۆیە دەڵێم: گێڕانەوەکانی، وێنەکانی، یاداشتەکانی هەرگیز وەك ئەوە نین کە هەیە.. لەگەڵ ئەمەشدا من لێرە، لە بەهەشت چەندین جار خۆزگەی ئەوەم خواستووە کە (دانتی) لەدوای شەهید بوونی من ئینجا (کۆمیدیا) کەی بنووسیایە، دڵنیام ئەو کاتە ئەگەر بەدیڕێکیش بووایە، لە بەشی سێیەمی کتێبەکەی، کە تایبەتە بە (بەهەشت) باسی منی دەکرد، یان هیچ نەبێت جارێك ناومی دەهێنا.. چونکە ئێمەی بەهەشتی راستە هەموومان لێرە خۆش دەژین، بەڵام پلەو پایەی شەهید، لەچاو بەهەشتییەکانی تر بەرزترو لەپێش ترە.. ئیتر هەروایە، نیعمەتو فەرو بەرەکەتی خودای مەزن لە کەسێك بۆ کەسێکی تر جیایە.

خودا قاتی هەرە سەرەوەی بەهەشتی بۆ شەهیدەکان تەرخان کردووە، ئینجا لەو بەرزییەوە، لە زات و جیلوەی خۆی ساباتو پەسارێکی فرە شەنگی بۆ رۆح و جەستەی خوێناوی شەهیدەکان دروست کردووە. ئاخر ئەگەر سۆزو میهرەبانی و جیلوەو روناکی زاتی یەزدان نەبێت، چۆن بەرگەی ئازاری ئەو هەموو فیشەکانە دەگرم کە سی و سێ ساڵ لە پێش ئێستا جەستەمیان کون کون کرد؟

وەکو لە سەرێدا وتم، کات لێرە، لە بەهەشت وەکو کاتی لای ئێوەی بنیادەمی سەر زەوی نییە.. ئەگەرچی سی و سێ ساڵ بەسەر شەهید بوونمدا تێدەپەڕێت، بەڵام هەزرو یادم هەر دەڵێی جارانە.. ئێستا وادەزانم ئەو بەرەبەیانەیە کە خەڵکی ئاوایی هەواڵیان بۆ من و پێشمەرگەکانی هاوڕێم هێنا کە جاشەکانی (قالە جاش) و سەربازێکی زۆر دەوری ئاواییان داوە و بە نیازن هێرش بکەن.. زۆری نەبرد ئێمە خۆمان کۆکردەوە، تاخم و فیشەکدانەکانما لەخۆمان بەستن، بەڵام دەرفەتی ئەوەمان نەما کە لە ئاوایی دەربچین، پێش ئەوەی ئەوان بگەن، ئێمە سەنگەری خۆمان لەناو ماڵەکان قایم کرد، سازو ئامادە دامەزراین بۆ شەڕکردن.. ئەگەرچی ژمارەی کەمی ئێمە و زۆری ژمارەی جاشەکانی (قالە جاش) و سەربازەکان مایەی بەراود نەبوو، بەڵام ئێمە وره بەرزو لەسەر هەق، ئەوان خۆفرۆش و ترسنۆك..

جاشەکان چەند جارێك هێرشیان هێنا، ئێمە نەمانهێشت پێشڕەوی





بکەن، نەیانتوانی بستێك لە خاکی ئاوایی داگیر بکەن، ناچار بوون پاشەکشە بکەن، ئێمە بەفرسەتمان زانی، هێرشمان کردوو کەوتینە دوایان.. جاشێك کە پەنجا مەترێك لە ئێمەوە دوربوو، خەڵتانی خوێن بوو، بیکەیسیەکەی چەند مەترێك لە پێش خۆیەوە کەوتبوو، (ئازاد)ی هاورێم کە پێنج ساڵ بوو پێکەوە پێشمەرگە بووین، خۆی پێنەگیرا بەرەو بیکەیسییەکە رایکرد، پێش ئەوەی پێی بگات، لەلایەن جاشەکانەوە دەسڕێژێکی لێکرا، (ئازاد) پێکراو بەلادا کەوت، من ئارامم لێبڕا، بە چوار هەنگاو خۆم گەیاندە (ئازاد)، قاچی راستی گولەیەکی بەرکەوتبوو، راستم کردەوە، خستمە سەر شانم، قیت بوومەوە، پشتم لە ئاوایی و روم لە دوژمن، ویستم وەرسوڕێم و رووەو ئاوایی بگەڕێمەوە، (قالە جاش) کە چەند مەترێك لێمەوە دور بوو، دەسڕێژی لێکردم، جەستەمی کون کون کرد، هێشتا هەر بەپێوە بووم، دەستم لە (ئازاد) شل بوو، بە دەمدا کەوتم، هێشتا گیانم نەسپاردبوو، لەلایەك دڵخۆش بووم کە بینیم (ئازاد) بەشەلەشەل خۆی گەیاندەوە ئاوایی، بەڵام لە لایەکی ترەوە زۆر نیگەران بووم، لەم کاتەدا کە دوا سات و دوا هەناسەی ژینم بوو، زۆر بەزەییم بە دایك و باوك خوشکەکەمدا هاتەوە، دەمزانی بە هەواڵی شەهید بوونی من ژیان بۆ ئەوان دەبێتە دۆزەخێك، بۆ خۆشم بەهەشت دەبێتە مەنزڵگەی هەتا هەتایم..

ئێستا وا سی و سێ ساڵە من لە بەهەشتدام، ئێمەی خەڵکی بەهەشت، بە تایبەتی شەهیدەکان رۆژانە لەناو ئەم گوڵ و گوڵزارەدا ژیان دەکەین، یەکتری بەسەر دەکەینەوە، باسی رابردوو دەکەین، تەواوی لاپەڕەو تۆماری رابردوومان وەکو یادگاری بۆ یەکتری دەگێڕینەوە.. لەگەڵ هەندێکیاندا دەدەینە قاقاو بۆ هەندێکیشیان

نیگەران و مات دەبین، بۆ هەندێکی تریشیان بە گریان سەبووری خۆمان دەدەینەوە..

(سامان) کە هاوڕێیەکی نزیکمە و زۆربەی کات بەیەکەوە پیاسە دەکەین، ئەو شەهیدی سەنگەر نییە، یەکێکە لە شەهیدەکانی زیندان.. ساڵی (1984) لە موسڵ لە سێدارە دراوە، دوای لەسێدارەدان و بەخاک سپاردنی، هەر ئەو رۆژە دوو فریشتە هێنایان بۆ بەهەشت.. کوڕێکی باڵا بەرزی چوار شانەیە، دوو چاوی سەوزو جوانی هەیە، لوتی بچکۆلەیە، چەناگەی کەمێک درێژ و گەردنی بەرزە..

(سامان) کاتێک باسی ئازاردانەکانی زیندانی بەعسییەکانم بۆ دەکات، من بەدەست خۆم نییە، شیرینی بەهەشتم لێ تاڵ دەبێت ! وەک بنیادەمی سەر زەوی پڕاو پڕدەبمەوە لە رق و تورەیی..

لەپێش ئەم جارە، (سامان) چەندین جاری تر باسی ئازارو مەینەتییەکانی زیندانی بۆ کردووم، بەڵام ئەم بەیانییە، باسی رۆژی لەسێدارەدانەکەی بۆکردم. ئەوەی بۆ (سامان) زۆر مایەی داخ بوو ئەوە بوو کە لەبەر چاوی کەس و کاری لە سێدارەیان داوە.. چاوی لێبووە کە چۆن دایکی لە جەلادەکە پاڕاوەتەوە، ویستوویەتی دەستی ماچ بکات کە کوڕەکەی لە سێدارە نەدات، بەڵام جەلادەکە، کە دواجار زانراوە کورد بووە و ناوی (رەشید) بووە و لە بەغدا ژیاوە، پاڵ بە باجی (زارا) ی دایکی (سامان) ەوە دەنێت و دەڵێت: دەستم گلاو مەکە، ئێوە هەمووتان شایانی مردنن، چونکە خیانەتتان لە حزب و شۆڕش و سەرۆک کردووە.. ئینجا دوو تفی گەورە دەکاتە باجی (زارا)..

لەدوای بیستنی حەکایەتە بێکۆتاییەکانی زیندانە پڕئازارەکانی (سامان) ی هاوڕێم و لە دوای سی و سێ ساڵ ژیان کردن لە بەهەشتدا، ئەمە یەکەم جارە بیری دایکم و باوکم و چیمەنی خوشکم، هاوڕێکانم دەم.. ژیانی ئێرە، خۆشی بەهەشت، هەموو شتێکی لە بیر بردوینەتەوە. کاتێک ئەمە دەڵێم، پێویستە ئەوەش بەیان بکەم کە ئێمەی بەهەشتی، بەتایبەتی شەهیدەکان، لە سایەی بەرەکەت و میهرەبانی زاتی خودادا، رۆحیانەتی خاوێنمان، کە بەشێکی ئێجگار کەمی جیلوەو روناکی خۆیەتی، پێکهاتەیەکی هەمیشە زیندوو و بە ئاگایە..

مەبەستمە بڵێم: ئێمەی شەهید، ئەگەرچی بەجەستەو بەرواڵەت مردوین، وەلێ گیانە پاکەکەمان هەر زیندووە، کەی بمانەوێت وەک پەپولە، یان هەر مەلو باڵندەیەکی تر لە شەقەی باڵ دەدەین، لە چاوتروکانێکدا کوێمان بوێت، لەوێ ئامادە دەبین.. لە سەری سەرەوە دەبین بە شایەتحاڵی نەک هەر رووداوەکان، بەڵکو رازو گلەو گازندەو خۆزگەو خۆشی و ناخۆشی دڵی مرۆڤەکانیش دەخوێنینەوە..

ئەمڕۆ ئارەزووی هەواڵپرسین و دیتنی دایکم و باوکم و چیمەنی خوشکم کەوتە سەر.. گیانی پاک و زیندووم، لە شێوەی پەپولەیەکی باڵ نەخشین، لە شەقەی باڵیدا و هەڵفڕی بەرەو مەملەکەتی سەر زەوی، بەرەو وڵاتەکەم، بەرەو شارەکەم..

من کە سی و سێ ساڵە لە ژیانی سەرزەوی دابڕاوم، لەناو گوڵزارو چەمەنی بەهەشتدا دەژیم، هەوای پاک هەڵدەمژم.. هەر کە گەیشتمە سەرزەوی، چۆن دوپشک بە مرۆڤەوە دەدات و چزەی لێهەڵدەستێنێت، ئاوها کەش و هەوای پیس و بۆگەنی سەر زەوی چزەی لە بەدەنی ناسکم هەڵساند. جەستەم بۆ تاوێک سڕ بوو، خەریک بوو باڵەکانم هەڵبوەرێن.. ناچار بووم، لەسەر لاسکی دارێک، کە ئەویش لە تینوێتیدا زەردو سیس هەڵگەڕابوو،



دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە دەریدەکات

هەڵنیشتم، بۆ ماوەیەك لەوێ مامەوە، پشویەکەم دا، تۆزێك باشتر بووم، هەستم کرد توانای هەڵفڕینم هەیە.. دوو جار باڵەکانم بەیەکدادا و جارێکی تر هەڵفڕیمەوە. ئەمجارەیان یەکسەر بەرەو ماڵی خۆمان کەوتمە رێ.. هەوڵمدا لە رێگە سەرنجی هیچ شتێك نەدەم، مەراقم بوو زوو بگەمەوە لای کەسوکارەکەم.. بەم شێوەیە گەشتەکەم درێژە پێدا، زۆری نەمابوو بگەمە ماڵی خۆمان، پێشئەوەی بەلای راستدا پێچ بکەمەوە بۆ کۆڵانی ماڵی خۆمان، لەسەر جادە گشتییەکە، لەناو حەوشەی بینایەکی چەند قات، چاوم بە حەشاماتێك لە خەڵکی کەوت. نەمتوانی بە لای ئەم دیمەنەدا راگوزەر تێپەڕم و لانەدەم.. هەڵوەستەیەکم کرد، کەمێك زیاتر لێیان نزیك بوومەوە، بینیم هەموویان رەشپۆشن، زۆربەشیان پیرەژن و پەککەوتە بوون، تیاشیاندا هەبوو گەنج بوو، بەڵام روخساریان ماندوو و مجرۆ، شەنگ لە رویان بڕا بوو.. بە هاوارو نارەزاییەکانیشیاندا دیاربوو کە دڵشکاون. ئەمە ئەوەندەی تر ناچاری کردم لێیان نزیك ببمەوە.. هاتم، هاتم لەسەر چڵی داری حەوشەکە هەڵنیشتم، ئەو حەوشەیەی کە حەشاماتە رەشپۆشەکانی تیا کۆببونەوە.. ئیتر هێندە لێیان نزیك بوومەوە، گوێم لە دەنگیان دەبوو..

ئای ئەوە چی دەبینم و چی دەبیستم !؟ خۆزگە ملم بشکایە و ئەم سەفەرەم نەکردایە.. بینیم و گوێم لێبوو پیرە ژنێك، کە دواجار زانیم دایکی سامانی هاوڕێم بوو، هاواری دەکرد: رەبی خەجاڵەت بن، ئاوها رێز لە دایکی شەهید دەگرن !؟

ئەم هاوارە جنێو ئامێزە رایچڵەکاندم. لەسەر ئەو چڵە دارە هەڵفڕیم و هاتم لەسەر چڵێکی نزیکتر لەوان نیشتمەوە. لە سێبەری دیواری بەرامبەرمەوە پیرە ژنێکی تری چاو کزی پشتکۆمم بینی کە کچێکی گەنم رەنگی بێ حەوسەڵە دەستی گرتبوو، کچە بەدەنگێکی بەرز قیڕانی بە گوێی پیرە ژندا، وتی: دایکە دەڵێن شەهیدانە نەهاتووە و نییە.. زیاتر لە دەنگ و روخساری کچەو پیرە ژن چوومە پێشەوە، هێند لێیان نزیك بوومەوە، چەند جارێك بەدەست منیان لە خۆیان دور خستەوە... ئای خوای گەورە ئەوە چی دەبینم !؟ ئەوە دایکم و چیمەنی خوشکمە، هاتوون شەهیدانەکەی من وەربگرن، بەڵام ئەمجارەش نیگەران و دڵشکاو بە دەستی خاڵی و بە هەناسەی ساردوو بە رقێکی گەورەوە گەڕانەوە.. خودایە بەکفری مەزانە کە دەڵێم و دەپرسم: ئەم بێدادییە بۆ ؟ من قەستم بوو لەسەر گۆنایان هەڵنشێم و ماچیان بکەم، کەچی ئەوان بێزارو بێتاقەت، من لە خۆیان دور دەخەنەوە !!

لەدوای ئەم ماجەرایە، بەری دیدەم تاریك بوون باڵەکانم سڕ بوون.. ئیدی ئاگام لەخۆم نەما. نازانم چەندە بێهۆش مامەوە، دوایی کە بەخەبەر هاتمەوە، کەس لەوێ نەمابوو، نەمزانی دایکم و چیمەنی خوشکم بۆ کوێ چوون.. کات بەرەو نیوەڕۆیەکی درەنگ دەچوو، هەرچۆنێك بوو خۆم راست کردەوە، بێهێزو نیگەران باڵەکانم جوڵاند، زۆر بەزەحمەت هەڵفڕیمە سەر چڵێکی بەرزتر.. لەم کاتەدا چەند ئۆتۆمبیلێکی جام رەش خۆیان کرد بە حەوشەی بیناکەدا، کە دوایی زانیم ئەمە بینای (بانك)ە .. لە چاوتروکانێکدا و بەیەکەوە هەر چوار دەرگای ئۆتۆمبیلەکان کرانەوە، من دەڵێم بیست، تۆ بڵێ سی چەکدار دابەزین، بەناو حەوشەکەدا دابەش بوون، لە دوای تاوێك، پیاوێکی خڕەی بستە باڵا لە یەکێك لە ئۆتۆمبیلەکان هاتە خوارێ، قاتێکی رەش و کراسێکی سپی لەبەردابوو، بۆینباغێکی سوری

دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە دەریدەکات

بەستبوو.. کابرا هەندێ بای باڵی خۆی دا.. بەبێ ئەوەی ورتەی لێوە بێت، بە دوو پەنجە بانگی یەکێك لە پاسەوانەکانی کرد، پێی وت پیکابەکە بهێننە ژورەوە.. لەم کاتەدا زەنگی مۆبایلەکەی لێی دا، پاسەوانەکە، کە باڵا بەرزێکی ئەسمەری تێکسمڕاو بوو، مۆبایلەکەی دایە دەستی کابرای خڕە، کە بە کاك (سەی قادر) بانگیان دەکرد. پێش ئەوەی قسە بکات، جگەرەیەکی داگیرساند، بەدەم جگەرە کێشانەوە کەوتە قسە.. جارێك بزە گرتی و دوو جاریش توورەبوو، تەنانەت هەندێ جنێوی پیسیشی لە دەم دەرچوو.. بەبێ خواحافیزی مۆبایلەکەی داخستەوە.. دایەوە دەستی پاسەوانە باڵا بەرزەکە، کە دوایی زانیم ئەمە هەڵگری مۆبایل و بەرپرسی پەیوەندییەکانی (سەی قادر) بوو. (سەی قادر) هێواش هێواش لە دارەکە نزیکتر بووەوە، هات لە سێبەرەکەی راوەستا، دەستی برد بۆ ئەو چڵەی کە من لەسەری هەڵنیشتبووم، بێ مەبەست شکاندییەوە. من بەزەحمەت فریای خۆم کەوتم، هەڵفڕیم و لەسەر چڵێکی تر، هەر نزیك لە ئەو نیشتمەوە، عەینەکە رەشەکەی لە چاوی هێنایە خوارەوە، لەگەڵ بەڕێوەبەری بانکەکە کە بە (مامۆستا رەشید) ناویان دەبرد لە حەوشەکەدا کەوتنە هاتووچۆ .. ئای خوای گەورە چیم بینی !؟ (قالە جاش) و (رەشیدی جەلاد) !! ئەو پیاوەی کە (سامان) ی هاوڕێمی لە سێدارەدا !! عەبڵەق بووم، بڕوام بە چاوی خۆم نەکرد، بۆ دڵنیایی، زیاتر لە (قالە) هاتمە پێشەوە، چەند جارێك بە دەوری و بە سەر سەریدا سوڕامەوە، سەرەتا دوودڵ بووم کە ئەمە (قالە جاش) بێت، چونکە ئەو سی و سێ ساڵ لە پێش ئێستا سەری هەندێك روتابووەوە و تاڵ تاڵیشی لێ سپی بوو بوو، بەڵام ئێستا ئەوی جاشی زیندوو وەکو منی پێشمەرگەی شەهید





چیرۆك

قـژی پـڕو ڕەشـە، ئەویش وەك ئێمـەی بەهەشـتی هیـچ پیـر نەبـووە، هـەر دەڵێـی جارانـە !! بـەڵام خاڵـە کوتراوەکانـی سـەر هـەردوو دەسـتی، دڵنیـای کردمـەوە کـە خۆیەتـی، بەڵـێ (قالـە جـاش) ە و بڕایـەوە.. ئەوەتـا دیـارە کـە قـژی ڕواندووەتـەوە بۆیاخیشـی کـردووە.. مـن درەنـگ زانیـم بـۆ هەندێکـەس بەهەشـت لەسـەر زەویـش هەیـە..

ئـای خـودای مـەزن بـە کفـری مەزانـە کـە ئەمجـارەش دەڵێـم و دەپرسـم: ئـەم بێدادییـە بـۆ و لـە پـای چـی !؟

بـۆ سـاتێك لـەم تراژیـدیـا پـڕ لـە کۆمیدیایـەی شـەهید بوونـم رامـام، هەرچەنـدم کـرد سـەرم لێـی دەر نەکـرد و لـە هیـچ تێنەگەیشـتم.. هەوڵمـدا خـۆم ئاسـایی بکەمـەوە، ورەم دایـە خـۆم، لـە دڵـی خۆمـدا وتـم: قالـە ئەمجـارە لەدەسـتم رزگـارت نابێـت.. ئیـتر نەمتوانـی پەلامـاری نـەدەم.. بـەڵام ئـەو سرت و خێـرا، سـەری بـەلای چەپـدا سـوڕاند، خـۆی لـە پەلامـاری مـن رزگار کـرد.. جارێکـی تـر هێرشـم بـۆی بـردەوە، ئەمجارەیـان بۆنـاو چـاوی.. پێـش ئـەوەی بیگەمـێ، ئـەو هاتـە دەسـت، بـە دەسـتی راسـتی کێشـای پیمـدا، باڵەکانـی هەڵوەرانـدم، کەوتمـە سـەر زەویـی، بـاش بـوو پێـی پیانەنـام.. زۆری نەمابـوو بەیەکجـاری گیـان بسـپێرم، گوێـم لـێ بـوو یەکێـك لـە پاسـەوانەکان بـە قالـەی وت (کاك سـەید) هەمـوو فـەردە پارەکانمـان لـە پیکابەکـە بارکـردووە.. ئیـدی وەك کاتـی هاتنیـان، لـە چاوتروکانێکـدا ئۆتۆمبیلەکانیـان سـوڕاندەوەو وەك بـا بـۆی دەرچـوون.. هێنـد بەشـێتانە دەرچـوون، یەکێـك لـە ئۆتۆمبیلـەکان خـۆی کێشـا بـە عەرەبانـەی پاقلـە فرۆشـەکەی بـەردەم بانکەکـەدا..

پاقلـە فرۆشـەکە پیـرە پیاوێکـی ریـش چەرمـوو بـوو.. بەدیـار پاقلـە رژاوەکەیـەوە ئەبڵـەق بـوو، دوایـی بەدەنگـی بـەرز تێـر جنێـوی بـە قالـە و پاسـەوانەکانی دا، هەتـا توانـی، تفـی لێکـردن..

ئـاخ خودایـە، ئەمجـارەش بـە کفـری مەزانـە کـە دەڵێـم: ئاخـر ئـەم هەمـوو ناهەقییـە بـۆ !؟

مـن ئەگـەر چـی دیدەم لێـڵ بـوو بـوو، بـەڵام هۆشـم هـەر لـەکاردا بـوو.. دەنگەکەیـم ناسـییەوە، پاقلـە فرۆشـەکە باوکـم بـوو !!

لـەدوای ئـەم ماجەرایـە، هـەر بەجـارێ بـێ حـاڵ بـووم، هێـواش هێـواش خەریـك بـوو جوڵـەم لێدەبـڕا.. لـەم کاتـەدا فەراشـی بانکەکـە، کـە قاجێکـی نەبـوو و بـە دار شـەق دەرۆیشـت، مـن و خاشـاکی حەوشـەکەی گسـك دا.. ئـای خودایـە، دەی بەمیهرەبانـی خـۆت ببەخشـە، بەکفـری مەزانـە کـە دەڵێـم: ئـەم هەمـوو غـەدرە بـۆ و لـە پـای چـی !؟ ناسـیمەوە، فەرەشـەکە (ئـازاد) ی هاورێـم بـوو !! مـن هەوڵـم دا باوەشـی پیـا بکـەم و ماچـی بکـەم، بـەڵام ئـەو بێئـاگا لـەوەی کـە مـن هاورێکـەی ئـەوم و سـی و سـێ سـاڵ لـە پێـش ئێسـتا لـە پێنـاوی ئـەودا شـەهید بـووم.. (ئـازاد) لەگـەڵ خاشـاکەکانی تـردا فڕێیدامـە نـاو بەرمیلـی خۆڵەکـەوە.. بەڵـێ بـۆ جـاری دووەم (قالـە جـاش) شـەهیدی کردمـەوە، جارێـك لـە شـاخ و ئـەم جـارەش لەشـار..

ئێسـتا وا لەنـاو بەرمیلـی خۆڵەکـەدام، لەگـەڵ هەڵکێشـانی دوا هەناسـەدا، لەگـەڵ گریانێکـی قوڵـدا بزەیەکـی بێتـام کەوتـە سـەر لێـوە وشـکەکانم، نازانـم کـەس گوێـی لێـم بـوو یـان نـا، دووجـار بەدەنگـی بـەرز هـاوارم کـرد: کـێ دەتوانێـت تراژیدیـای شـەهید بوونـی مـن لـە کۆمیدیـای دانتـی جیابکاتـەوە !؟